# کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال لە گەرمیان خۆپیشاندانیان کرد





ئەمرۆ 2007/11/22 کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال لە ناحیەی رزگاری شاری کەلارخۆپیشاندانێکی هێمنانەیان بۆ بەردەم بەرێوەبەرایەتی ناحیەکە سازکرد، لەو خۆپیشاندانەدا کە پارێزگاری ئیدارەی گەرمیانو بەرێوەبەری ناحیەی رزگاری ونوێنەری رێکخراوەکانی کە رمیان و نوینە ری ناوە ندی جاك کهرمیان و بە ر ثرس سليمانی ناوە ندی جاك ئامادەبوون خۆپیشاندەران کە نزیکەی 500کەس دەبوون، جگەلەوەی دەیان لافتەی جۆراوجۆریان بەرزکردبووەوە، لەرێگەی ئیدارەی گەرمیانەوە یاداشتێکیشیان ئاراستەی هەریەکە لە: سەرۆکایەتی هەریمو سەرۆکایەتی



کۆماری عێراقو پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانو وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوەکانوئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو ئەنجومەنی وەزیرانو دادگای بالآی تاوانەکان کردو تیایدا نیگەرانی خۆیان لە دەستتێوەردانی دادگاوبریاری لەسیدارەرەدانی تاوانبارانی ئەنفال دەربریوەوەو داوایانکردووە کەهاتووین لەرێگەی بەرێزتانەوە پەیامی خۆمان رابگەیەنین بەرای گشتیو دەسەڵاتدارانی عێراقو کوردستان، ئەمەو لە بەشێکی یاداشتەکەیاندا هاتووە: ئەم دەست تێوەردانە ناوخۆییو دەرەکیانە راستەوخۆ دەسەڵاتی دادوەری لەکۆماری عیراقی فیدرالدا دەخاتە ژێر پرسیارەوەو فاکتەرێکیش دەبێت بۆ هەلوەشاندنەوەی دەستوری عێراقو ئایندەی بەرێوەچوونی دەسەڵات لەعێراقدا دەخاتە مەترسییەوە.

ئەمەوە وێرای ئەوەی ئێمە دڵخۆش بووین بەبریاری دادگاکە چاوەروانی ئەوە بووین دەسەڵاتی سیاسی عێراقو کوردستان پشتگیری لە بریارەکانی دادگاکە بکەنو تاونەکانی ئەنفال وەکو سیاسەتی جینۆساید بەنیوەندە نیوخۆییو هەریمایەتیو نیودەولەتیەکان بناسێننو رایەکی جیهانی لەسەر ئەم تاوانە دروست بکرێت. بەلآم

بەداخەوە ئیم دەست تێوەردانە سیاسیە لەبڕیارەکانی دادگاو بێهەلوێستی سەرۆکایەتی هەرێمۆپەرلەمانی کوردستان لە ئاست ئەو پێشێلکاریە لەسەرکەیسی ئەنفال جێگەی دلگرانی ئێمەیە.

هەروەها لە شوێنێکی تری ئەم یاداشتەی خۆپیشاندەراندا هاتووە : ئێمە هەلگری پەیامی دایکانۆباوکانی جگەرسوتاوین، هەلگری پەیامی مندالانی بێباوکۆ دایك ئەنفالکراوین، هەلگری پەیامی ئەو ئازیزانەین، کە بیست سالە ئازیزترینۆ خۆشەویستترین کەسەکانیان لەدەستداوە. بەشێوەیەکی گشتی داوادەکەین کە پشتگیری جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگای بالای تاوانەکان لە عێراق بەتایبەتی بڕیارەکانی سزادانی تاوانباران لە سەر دۆسێی ئەنفال بکرێت، بێگومان جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا لەسەر تاوانی ئەنفال باشترین قەرەبووی ئیمەی قوربانیانی کارەساتی ئەنفالین.

